# په‌یامی کردنه‌وه‌ی کۆنگره





**میوانانی به‌رێز!**
**لاوه ئازیزو خۆشه‌ویسته‌کان!**
**ئه‌ندامانی به‌رێزی کۆنگره!**

زۆر سه‌ربه‌رزو خۆشحاڵم بۆ کردنه‌وه‌ی سێهه‌مین کۆنگره‌ی یه‌کیه‌تیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران له خزمه‌تتان دام. پێشه‌کی پڕ به‌دڵ پیرۆزبایی له لاوانی کورد به‌گشتیو ئه‌ندامانی یه‌کیه‌تیی لاوان و ئه‌ندامانی کۆنگره به‌تایبه‌تی ده‌که‌م.

سوپاسی به‌رپرسو به‌رێوه‌به‌ریی یه‌کیه‌تیی لاوان ده‌که‌م که شانازیی کردنه‌وه‌ی ئه‌م کۆنگره‌یه‌یان به من به‌خشیوه. پێم خۆشه بڵێم ئه‌و شانازیه‌ی به من براوه پاداشێکی گه‌وره‌ی ئه‌و خزمه‌ته‌یه که چه‌ند ساڵێك به یه‌کیه‌تیی لاوانم کردوه. سێ کۆنگره‌یه یه‌کیه‌تیی لاوان ئه‌رکی کردنه‌وه‌یان به سکرتێره‌کانی پێشوو ده‌سپێرن. ئه‌وه نیشانه‌ی به‌هێزبوونی هه‌ستی ئه‌مه‌گناسیو رێزگرتن له کارو تێکۆشانی ئه‌وکه‌سانه‌یه بۆ ماوه‌یه‌ك ئه‌رکی به‌رپرسایه‌تیی ئه‌م رێکخراوه‌یان له سه‌ر شان بووه. ئه‌من ئه‌و شانازیه ته‌نیا به هی خۆم نازانم به‌ڵکوو ده‌گه‌رێته‌وه بۆ هه‌موو ئه‌و هاورێیانه‌ی به مه‌سئوولییه‌ته‌وه له یه‌کیه‌تیی لاوان دا خزمه‌تیان کردوه.

له‌گه‌ڵ سڵاو له گیانی پاکی ئه‌و لاوانه‌ی له ریزه‌کانی یه‌کیه‌تیی لاوان دا و له پێناو ئامانجه به‌رزه‌کانی نه‌ته‌وه‌که‌یان دا سه‌ریان دانا و رێگه‌ی خه‌باتیان به هاورێیانیان سپارد، سڵاو له‌و لاوه ئازاو بوێرانه‌ی له‌م رێگه‌یه دا تووشی چه‌رمه‌سه‌ری، زیندانیو ئه‌شکه‌نجه‌ی جه‌للاده‌کانی کۆماری ئیسلامی هاتوونو سڵاو له‌و لاوانه‌ی چاونه‌ترسانه به گژ به‌کرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی دا



پێشکه‌ش کردن به‌رێز "مسته‌فای مه‌عروفی" سکرتێری پێشووی یه‌کیه‌تیی لاوانی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران

دەچنەوە، سێهەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەمەوە.

لاوە ئازیزەکان!

ئارەزووم دەکرد لاوانی کورد گەیشتبانە ئەو قۆناغە کە ستەمی نەتەوایەتی‌یان لە سەر نەمابا و لە سایەی ئازادیو دێموکراسی دا ژیانو ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان زیاتر لە پێناو باشتر کردنی ژیانی لاوانو وەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وەک : دابین کردنی کار، خانووبەرە، ئیمکاناتی خوێندن، وەرزش، تەفریح، زەمینەی لەبار بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش و...هتد دا خەباتیان بکردایە.

ئارەزووم دەکرد ڕێکخراوێکی وەک یەکیەتیی لاوان لە قۆناغێک دا بووایە تەنیا ئەوەندە کاری سیاسی کردبا کە ویستو داخوازەکانی بەسەر دەوڵەت دا سەپاندباو ناچاری کردبا مافە مەدەنی‌یەکانیان بپارێزێو پێویستی‌یەکانیان نەخاتە پشت گوێ. بەڵام بەداخەوە یەکیەتیی لاوان تا ئەم قۆناغە ڕێگەیەکی دووری لەپێشە. ستەمی نەتەوایەتی و زەبروزەنگ ئەم دەرفەتانەی لە لاوانی کورد بڕیوە.دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە وڵاتەکەمان دا شێوەیەک لە خەباتی بەسەر یەکیەتیی لاوان دا سەپاندوە کە مەودایەکی زۆر کەمی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکە مەدەنی‌یەکانی هێشتۆتەوە. بۆیە زۆر جوان گوتراوە:" لە وڵاتێک دا ئازادی نەبێ، هەموو شتەکان دەبنە سیاسی".

**خۆشەویستان!**

یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە حالێک دا سێهەمین کۆنگرەی خۆی پێک دێنێ کە لاوانی کوردستان ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری‌یان دژی کۆماری ئیسلامی وەڕێ خستوە. زۆر شاری کوردستان ماوەی مانگێکە بوونەتە مەیدانی بەربەرەکانیی لاوان لەبەرامبەر هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا. تا ئێستا دەیان لاو شەهید بوونو سەدان لاو بریندارو ژمارەیەکی زۆر زیاتریش گیراون و بێگومان لەژێر ئەشکەنجە دان.

ئەمڕۆش کوردستان هەر وەک ٢٦ ساڵی ڕابردوو سەنگەری پێشەوەی بەربەرەکانی لە بەرامبەر دیکتاتۆریو ملهوڕی دایە.

ماناو نێوەڕۆکی ئەم ڕاپەڕینە زۆر لەوە قووڵتر و بەربڵاوترە کە هێندێک هێزو لایەن زۆر بە سادەییو ڕواڵەتی بۆی دەچن. دەکرێ لە چەند خاڵ دا ئیشارە بە هێندێک سروشتو نێوەڕۆکی ئەم ڕاپەڕینانە بکەین:

١ـ ئەم ڕاپەڕینە دژکردەوەی چەندین ساڵ ستەمی نەتەوایەتیو بێبەشبوونی کورد لە سەرەتایی ترین مافەکانیەتی.

٢ـ ئەم ڕاپەڕینە لە ڕاستی‌دا قۆناغێکی تازە لە خەبات بۆ وەدستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کورد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەیدانداری سەرەکیی ئەم خەباتە بووە. نوختەی بەرچاوی دەستپێکردنی ئەم قۆناغەی ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی زستانی ١٣٧٧بە تایبەتی لە شاری سنە. واتە ماوەیەکی کورت دوای ڕاوەستانی خەباتی چەکدارانە. کە وابوو ئەم شێوە لە خەباتو خەباتی چەکدارانە دوو ڕێگا بەرەو یەک ئامانجن. مێژوو سەلماندوویەتی هەرکات بزووتنەوە لە جەبهەیەک سەرکوت بکرێ لە جەبهەیەکی دیکە سەر هەڵ دەداتەوە. کۆماری ئیسلامی لەسەرەتاوە بەهێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان و حیزبی دێموکرات خەباتی چەکدارانەی بەسەر خەڵکی کوردستان دا سەپاند. ئەم خەباتە لە شاخ سەرکوت کرا، ئێستا لە شارەکان سەری هەڵ داوەتەوە.

٣ـ هێزی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینە لە لاوانێك پێك هاتوە کە لە سەردەمی ئەم ڕێژیمە دا لە دایك بوون. ئەم نەسلە نەك هەر هیچ خێرو خۆشی‌یەکی لەم ڕێژیمە نەدیوە، بەڵکوو زوڵمو ستەمەکانی ئەم ڕێژیمە بە ڕەگو پێستەوە هەست پێ دەکا. بێکاری، بڵاوبوونەوەی دەیان دیاردەی دزێوو مەترسیدارو لەگەڵ ئەمانەش دا سەرکوت و زەبروزەنگو فەرق وجیاوازی دانانی نەتەوەیی ، نەسلی تازەی لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمە دا ڕاگرتوە.

بۆیە ئەم نەسلە هەمیشە ئامادەیی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لە دژی ئەم ڕێژیمە هەیە.

٤ـ شکستی ڕیفۆرم لە کۆماری ئیسلامی دا —هەچەند بە شانازی‌یەوە خەڵکی کوردستان زۆریان کیسە بۆ هەڵنەدرووبوو— هەروەها دانانی تێرۆریستێکی وەك ئەحمەدی نەژاد لە پۆستی سەرکۆماری دا کاریگەری‌یەکی زۆریان لەسەر پەرەگرتنی ئەم ڕاپەڕینانە هەبوو. بەتایبەتی لەبەر ئەوە کە ئەحمەدی نەژاد تاوانبار بەوەیە کە دەستی لە تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد د.قاسملووی نەمر داهەبووە.

٥ـ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بە قازانجی کورد لە کوردستانی عێراق، تەریك کەوتنەوەی ڕۆژلەڕۆژ زیاتری دوو حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستان واتە ئێرانو سووریە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا ئاسۆی خەباتی نەتەوایەتیی کوردی زۆر لە جاران ڕوونتر کردۆتەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران هەیە.

٦ـ ستراتێژیی حکوومەتانی گەورەی جیهان بەتایبەتی ئەمریکا بۆ وێنە گەڵاڵەی " ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی گەورە" شەڕ لە دژی تێرۆریزم، خەڵکی کوردستانی زیاتر بە داهاتووی خەباتی خۆی هیوادار کردوە. سەبارەت بەوە کە

لەلایەك كۆماری ئیسلامی وەك ڕێژیمێكی تێرۆریست ناسراوەو لەلایەكی دیكەشەوە كورد لە كوردستانی ئێران لە ناسراوترین قوربانیانی تێرۆریزمە. لانیكەمی كاریگەریی ئەم ستراتێژییە ئەوەیە كە ئەمریكا پشتیوانیی سیاسی لەو ڕێژیمە ناكا. لە ڕابردوو دا زۆر جار بزووتنەوەی كورد زەرەری لەو پشتیوانیانە دیوە.

چاوەڕوانیم لە كۆنگرەی سێهەمی یەكیەتیی لاوان ئەوەیە ئاوڕێك لەم ڕاپەڕینە بە شكۆیەی لاوانی كوردستان بداتەوە. لانیكەمی كارێك كە ئەم كۆنگرەیە دەتوانێ بیكا ئەوەیە لە پەیامێك دا بەناوی كۆنگرە داوا لە كۆڕو كۆمەڵە جیهانییەكان بكا هێرشی درندانەی كۆماری ئیسلامی بۆسەر لاوانی كوردستان كە بە دەستی بەتاڵ هاتوونەتە سەر شەقامەكانو داوای ئازادی دەكەن، مەحكووم بكەنو فشار بخەنە سەر ئەم ڕێژیمە تا زیندانییەكان ئازاد بكا.

**هاوڕێیانی ئازیزم!**

لەبەرەبەری یادی ٦٠ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران داین. حیزبێك كە هەمیشە پشتیوانو یارمەتیدەری یەكیەتیی لاوان بووە. حیزبی دێموكرات و لاوان لە كوردستان لێك جیا ناكرێنەوە. ئەوانەی ئەم حیزبەیان تا ئێرە هێناوە سەردەمێك لاوانی شۆڕشگێڕی كورد بوونو پێگەیشتوون.

هەزاران لاو لە ڕیزەكانی ئەم حیزبە داو لە پێناو وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەكانیان دا گیانیان بەخشیوە. هەر لاوەكانیش بوون هێزی ئینسانیی ئەم بزووتنەوەیان پێك هێناوە. هەر ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا لە گۆڕێ دایە ئیلهامی لە دەیان ساڵ خەباتی نەسلەكانی پێش خۆی وەرگرتوە. ئەمڕۆ ئامانجو دروشمەكانی حیزبی دێموكراتە لە گەرووی لاوەكان دێتەدەر. ئەو خوێنانەی ئەمڕۆ لە جەستەی لاوانی شارەكانی كوردستان دەچۆڕێن، تێكەڵ بەو خوێنانە دەبن كە پێشتر لە شاخەكانو لە گوندەكان لە جەستەی پێشمەرگە چۆڕاون.

لەچەند ڕۆژی داهاتوو دا دوو جێژنمان لە پێشە : جێژنی ٦٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێرانو جێژنی كۆتایی سێهەمین كۆنگرەی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران. پێشەكی پیرۆزبایی هەردوو جێژنتان لێ دەكەمو سەركەوتنی كۆنگرەتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

* * *



## پەیامی كۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی

بۆ یەكیەتیی لاوان جێگای شانازییە كە نزیك بە شێست ساڵ ڕابردووی خۆی توانیویەتی لە مەیدانی بەربەرەكانی لەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆیە یەك لەدوای یەكەكانی ئێران دا بمێنێتەوەو خەبات دژی زوڵم و زۆری بكا و هەوڵ بدا بۆ بە ئاگا هێنانەوەی لاوان لەدژی هەرچەشنە پیلانێكی ئەو ڕژێمانە.

ئەو ڕابردوە دوور و درێژە لیپاو لیپە لەو شانازی و سەربەرزیانەی كە شەهیدەكانمان لە ماوەی ڕابردوو بۆ ئەو ڕێكخراوەیە تۆماریان كردوە. هەروەها زەرووریە كە سڵاو لە وەفاداری و ئەمەگناسی ئەو لاوانە بكەین كە هەنووكە لە چاڵە ڕەشەكانی كۆماری ئیسلامی دا خەریكی بەربەرەكانی لەگەڵ مەرگن.

دووبارە پەیمان نوێ دەكەینەوە كە ئێمە لاوان لەگەڵ ڕێبازو ئامانجەكانی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی داین و هەتا دوادڵۆپی خوێن درێژە بەڕێگایان دەدەین بۆ وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەكانی گەلەكەمان لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان دا.

**كۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی**
**یەكیەتیی لاوانی دێموكراتی كوردستانی ئێران**
**٢٦ی گەلاوێژی ١٣٨٤**